


# دوو وێنا - دەریا سەلاح

# Zwei Darstellungen

## Darya Salah

ئەم کتێبە لە ئەو پرسیارە سەرەکییە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن دوو لە گرنگترین نووسەرانی ئەدەبیاتی جیهانی چەمکە بوونگەراییەکانی وەک تاوان، تۆبە و پاکبوونەوە و سزا لە بەرهەمەکانیاندا بەشێوەیەکی ئەدەبی دادەڕێژن. لەسەر بنەمای واتای مێژوویی، ئایینی، فەلسەفی و دەروونیی ئەم چەمکانە توێژینەوەکە شیکاری بۆ وێناکردنی کافکا لە ڕۆمانی "دادگایی" و لە چیرۆکەکانی "حوکمدان" و "لە کۆلۆنی سزادا" دەکات، هەروەها شیکاری بۆ بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لەلای دۆستۆیفسکی لە بەرهەمەکانی "تاوان و سزا" و "برایانی کارامازۆڤ"دا دەکات. لە کاتێکدا پاڵەوانەکانی کافکا لە تاوان دەڕوانن وەک تێوەگلانێکی بوونگەرایی ئەبسورد و لێ تێنەگەشتوو و زۆرجار بێ هۆکار، لەبەرانبەردا دۆستۆیفسکی لەڕێگەی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانییەوە وێنەیەک بۆ تاوان وەک سەرپێچییەکی ئاگایانەی مۆراڵی و ئایینی دەکێشێت، کە لە ئەنجامدا ئازاری ناوەوە و ئەزموونی هەستکردنێکی بەهێزی بەرپرسیارێتی و قبوڵکردنی تۆبە و پاکبوونەوەی لێدەکەوێتەوە. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی هێرمێنۆیەتیکی بەکاردەهێنێت، کە پێسپێکتیڤە فەلسەفی، دەروونی و ئەدەبییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات، کە چۆن هەردوو نووسەر کۆنتێکستی کولتووری و ئایینی و مێژوویی خۆیان دەگۆڕن بۆ فۆرمی ئەدەبی، کە تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکی قووڵ بەجێدەهێڵن. لەڕێگەی تێڕوانینی تیۆریی ئەدەبی بەراوردکارییەوە لێکچوون و جیاوازییەکان دەستنیشان دەکرێن، کە بەر پرسیارە سەرەکییەکانی بوونی مرۆڤ دەکەون وەک دادپەروەری، بەرپرسیارێتی، ویژدان، پێکهاتەکانی دەسەڵات و پێگەی تاک لەبەرانبەر دەسەڵاتە نارِوون و نەبینراوەکاندا. هەروەها بەوردی بەشێوەیەکی شیکاری و نێوان زانستەکان لە جیهانە جیاوازەکانی هەردوو نووسەرەکە نزیک دەبێتەوە، کە تێیدا تاوان و سزا مانایەکی یەکلاکەرەوەی لە ژیانی پاڵەوانەکاندا هەیە.

## بەشی یەکەمی کتێبی دوو وێنا

دوو وێنا لەسەر هۆکار و کاریگەریی تاوان

مانای "تاوان" و "سزا" لە دەقە هەڵبژێردراوەکانی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی و فرانتس کافکادا


١. دەستپێک

١.١. پاشبنەما و گرنگی بابەتەکە

١.٢. ئامانج و پرسیاری ئەم لێکۆڵینەوەیە

١.٣. میتۆدی شیکاری هێرمێنۆیەتیکی

١.٤. تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاری

١.٥. پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە


١. دەستپێک

١.١ پاشبنەما و گرنگی بابەتەکە

شیکاریکردن بۆ بابەتەکانی تاوان و سزا هەزاران ساڵە بەشێکی سەرەکیی مێژووی ئەدەبیاتە. ئەم بابەتانە زۆرجار لە کۆنتێکستی مێژوویی جیاوازدا بەشێوازی جۆراوجۆر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. هەروەک چۆن ئێمە لە ئینجیلەوە ئاشنای چیرۆکی قابیل و هابیل دەبین، هەروەها ئەو دەرفەتەی لەوێدا بۆ تۆبەکردن و پاکبوونەوە لە تاوانی براکوژی روون کراوەتەوە، کە ئەویش بریتییە لە دانپێدانان بە تاوانەکە و پەشیمانبوونەوە. لە ئیسلامدا گوناە و لەگەڵیدا تاوانی ئادەم و حەوا دەگێڕدرێتەوە. بەپێچەوانەی ئینیجل و تەوراتی کرستیانی-جووەوە خودا لەڕێگەی بەزەیی خۆیەوە لە هەڵەی هەردووکیان واتە ئادەم و حەوا خۆش دەبێت. بەم شێوەیە لە ئایینەکانی دیکەشدا چەمکەکانی تاوان و سزا لە شوێنێکی بەرچاو و سەرەکیدا دەبینرێنەوە.

دوو لە کاریگەرترین نووسەرەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم، کە بەقووڵی سەرقاڵی ئەم پرسیارانە بوون و لێانکۆڵیوەتەوە، ئەوانیش بریتیین لە فرانتس کافکا و فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی. بەرهەمەکانیان بیرکردنەوەی قووڵ ئەخەنەڕوو لەبارەی ڕەهەندە بوونگەرایی، مۆراڵیی، دەروونیی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی تاوان و سزا و کاریگەریی بەرفراوانیان لەسەر ئەدەب و فەلسەفەی مۆدێرن لە سەردەمی ئێمەدا هەیە.

فرانتس کافکا، جوویەکی ئەڵمانی زمانە لە پایتەختی بۆهێمی پراگ، زۆرجار بە یەکێک لە گرنگترین نووسەرانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. کافکا جیهانێکی ئەدەبیی ناوازەی دروستکرد، کە بە پوچێتی(ئەبسورد)، نامۆبوون و نادڵنیایی ناسرابوو. بەرهەمەکانی وەک "حوکمدان"، "دادگایی" و "لە کۆلۆنی سزادا" گەڕانێکی ئاڵۆزن بۆ بوونی مرۆڤ لە جیهانێکی ناڕوون و تەمومژاویدا و زۆرجار تێنەگەیشتوودا. کافکا پرسیار لەبارەی مانای تاوان لە کۆمەڵگایەکدا دەخاتەڕوو، کە تێیدا ڕێکخستنە مۆراڵییە نەریتییەکان لەرزۆک

بووە. هەروەها کافکا پرسیار لە سروشتی سزادان دەکات لە سیستەمێکدا، کە بیرۆکراتی بەسەریدا زاڵ دەکرێت و نە دادپەروەرانە دەردەکەوێت و نە تێگەیشتنووانە.

لەبەرانبەردا فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی هەیە، نووسەری سەدەی نۆزدەهەمی ڕووسی بوو، کە بەرهەمەکانی بە قووڵی لە ناکۆکییە مۆراڵیی، ئایینی و دەروونییەکانی سەردەمی خۆیدا ڕەگیان داکوتابوو، لە ڕۆمانەکانی وەکو تاوان و سزا و برایانی کارامازۆڤدا دۆستۆیڤسکی بەدواداچوون بۆ ململانێی ناوەوەی کارەکتەرەکانی دەکات، کە لەنێوان گوناھ و ڕزگاربوون، تاوان و تۆبە و پاکبوونەوەدا دابەشبوون. کارەکتەرەکانی دۆستۆیڤسکی لە ململانێیەکی بەردەوامدان لەگەڵ ویژدانی خۆیان، حوکمدانی خودایی و یاسایی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان.

گرنگی بابەتەکە نەک هەر لەو ڕەهەندە فەلسەفیی و دەرونییانەوە سەرهەڵدەدات، کە کافکا و دۆستۆیڤسکی لە بەرهەمەکانیاندا لێیانکۆڵیوەتەوە، بەڵکو لە بەردەوامی پێدانی هەنوکەییانەی ئەم تەوەرانەشەوە سەرچاوەدەگرێت. لە جیهانێکدا، کە بەشێوەیەکی گەشەسەندوو تادێت بە نادڵنیایی، هەڵچوون و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و دووفاقی مۆراڵیی دەناسرێتەوە، بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانە تێڕوانینێکی پڕبەها لەبارەی سروشتی مرۆڤ و ئەو ئاستەنگییانەی، کە ڕووبەڕووی تاک و کۆمەڵگاکان دەبنەوە پێشکەش دەکەن. لێکۆڵینەوە لە تاوان و سزا لەلای کافکا و دۆستۆیڤسکیدا ئەوە دەرەخسێنێت، بۆئەوەی سەر لەنوێ تیشک بخرێتەسەر پرسی دادپەروەری، بەرپرسیارێتی، شکۆی مرۆڤ و پەرەسەندنی سیستەمە نادیارەکان و هەروەها جێگرتنی لەناو کۆنتێکستێکی مۆدێرندا.

کاتێک بەرهەمەکانی کافکا و دۆستۆیڤسکیم خوێندەوە، تێبینیم کرد، کە چۆن وێناکردنەکانیان بۆ تاوان و سزا دابەشبوون و دووبەرەکییەکی سەرنجڕاکێش پێک دەهێنن: تاوان لەلای کافکا بارگرانییەکی نزیک لە سوریال و بێ شرۆڤە و ڕێگری لێنەکراوە، لەکاتێکدا تاوان لەلای دۆستۆیڤسکی ڕەگێکی قووڵی لە واقیع و ڕێکخستنی مۆراڵی جیهاندا داکوتاوە. ئەم بەراوردکارییە بووە پاڵنەرێک، بۆئەوەی قووڵتر بچمە ناو بەرهەمەکانی هەردوو نووسەر و دیدگاکانیان سەبارەت بە تاوان، سزا، تۆبە و پاکبوونەوە و ڕزگاربوون شیکاری بکەم. تێزی توێژینەوەکەم تەرخان دەکرێت بە لێکۆڵینەوە لە تاوان و سزا لە بەرهەمە ئاماژەپێکراوەکانی هەردوو نووسەردا. بابەتێک، کە نەک هەر لە ئەدەبی مۆدێرندا بەڵکو لە ئەدەبی کلاسیکیشدا بەبەردەوامی پرسە سەرەکییەکانی بوونی مرۆڤ دەوروژێنێت. بەتایبەتی ئەوەی بەلای منەوە سەرنجڕاکێشە، کە چۆن دوو نووسەری ناودار، کە بەرهەمەکانیان هەمیشە کاریگەری لەسەر خولیای ئەدەبیی من هەبووە، هەریەکەیان بە شێوازی ناوازەی خۆیان تیشک ئەخەنە سەر ئەم بابەتە.

## ٢.١. ئامانج و پرسیاری ئەم لێکۆڵینەوەیە

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکاریکردن و بەراوردکردنی وێناکردن و لێکدانەوە جیاوازەکانی تاوان و سزایە لەلای کافکا و دۆستۆیڤسکی. ئەکرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدەکانی شیکاری ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاریی ئەوە بخرێتەڕوو، کە چۆن ئەم دوو نووسەرە تەنها ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیان نین، بەڵکو تاوتوێ و مامەڵە لەگەڵ پرسە بنەڕەتییە مرۆییەکانیش دەکەن، کە پرسیارەکان زۆر لە کۆنتێکستە تایبەتە مێژووییەکانی سەردەمی خۆیان تێدەپەڕن.

یەکێک لەو پرسیارانەی لەم تێزەدا ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە: چۆن تەوەری تاوان و سزا لە بەرهەمەکانی کافکا و دۆستۆیڤسکیدا وێناکراون و کام جیاوازی و لێکچوونانە دەتوانرێت لە لێکدانەوەی ئەم کۆنسێپتانەدا دەستنیشان بکرێت؟ ئەم پرسیارە چەندین ڕەهەند لەخۆ دەگرێت، لەوانە وێناکردنی پاڵەوانەکان، مانای تاوان و هەروەها ئەو شێوازەی کە هەردوو نووسەر مامەڵە لەگەڵ لێکەوتە و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکانی سزادا دەکەن.

هەروەها لە چوارچێوەی ئەم پرسیارەدا لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت، کە چۆن هەریەک لە کۆنتێکستە مێژوویی و کولتوورییەکان کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن لە تاوان و سزا لە بەرهەمەکانی هەردوو نووسەردا هەبووە. ئامانجی توێژینەوەکە، شیکردنەوەی ئەو میتۆدە ئەدەبی و تەکنیکە گێڕانەوەییە جیاوازانەیە، کە کافکا و دۆستۆیڤسکی لە ڕێگەیانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بوونگەرایییانەدا دەکەن. مەبەستی توێژینەوەکە گەڕانە بەدوای ئەوەی، چۆن بەرهەمەکان ڕەنگدانەوەی ڕەفتارەکان و پەیوەندی مرۆڤ بە مۆراڵ، دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتە باڵاکانن.

## ٣.١. میتۆدی شیکاری هێرمێنۆیەتیکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکارییەکی هێرمێنۆیەتیکی بۆ چەمکەکانی تاوان و سزا ئەهێنێتە ئەنجامدان، وەک چۆن لە ڕۆمانەکانی "تاوان و سزا" و "برایانی کارامازۆڤ "ی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی و ڕۆمانی "دادگایی" و چیرۆکەکانی "حوکمدان" و "لە کۆلۆنی سزادا"ی فرانتس کافکادا بەدی دەکرێن. ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە پوختە و کورتکردنەوە ڕووکەشییەکان تێپەڕێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پەیوەندییە واتاییەکان ئاشکرا بکرێن، کە ئەم نووسەرانە لەسەر بنەمای ئەزموونە مرۆییەکان هێناویانەتە بنیادنان..

شیکارییەکە بە پرەنسیپەکانی هێرمێنۆیەتیکی فەلسەفی بەڕێوەدەبرێت، کە جەخت لەسەر کارلێکی هاوتەریب و کاریگەرییە چالاکەکانی نێوان بەش و گشت دەکاتەوە و هەروەها هەوڵدان و بەدواداچووون بۆ گەیشتن بە واتا بنەڕەتییەکان. هێرمێنۆیەتیک بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنانی لە چەندین دیسیپلیندا هەیە، لەوانە فەلسەفە، تیۆلۆژی، یاسانا‌سی هەروەکو کۆمەڵناسی، مێژووناسی، موزیکناسی، هونەرناسی و ئەدەبناسی. ڕەگ و ڕیشەی لە سەردەمی کۆنەوە لە زانستی ئایینیدا چەسپاوە، کە تێیدا وەک میتۆدێک بۆ لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان خزمەتی کردووە.

سەرباری شیکاری دەق هەروەها ڕێکارە هێرمێنۆیەتیکییەکان لە چارەسەری دەروونیدا بەکاردەهێنرێن. ئەم بەکارهێنانە هاوبەشەی نێوان زانستەکان گرنگی ئەم میتۆدە دووپات دەکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە قووڵاییە دەروونییەکانی ناو بەرهەمە ئەدەبییەکان. بەکارهێنانی

هێرمێنۆیەتیک لە چارەسەری دەروونیدا پردێکی میتۆدۆلۆژی دروست دەکات بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندە دەروونییەکانی تاوان و سزا و دۆخ و پاڵنەرەکانی ناوەوەی کارەکتەرەکان لەلای دۆستۆیڤسکی و کافکادا. دۆستۆیڤسکی سەرنج دەخاتە سەر پشێوی و شڵەژانی ناوەکی و دەروونیی شێواو و ململانێ دەروونییەکانی کارەکتەرەکانی. بەرهەمەکانی کافکا دەرخەر و ڕەنگدانەوەی هەستی تاوانباری خۆی و پرۆسەیەکی قورس و تاقەتپڕوکێنی دەروونین.

ئەم پێکەوە گرێدان و پەیوەندییە لەنێوان هێرمێنۆیەتیک و لێکدانەوەی دەروونیدا، بیرکردنەوەی قووڵ لە پاڵنەرە نائاگاکان، خود و کاریگەرییەکانی تراومای منداڵی، کە دۆستۆیڤسکی لێی کۆڵیوەتەوە، هەروەک باجی دەروونیی ڕێوشوێنە یاساییە نارِوونەکان لەلای کافکادا پۆلێن دەکات. بەم پێیە چوارچێوەی هێرمێنۆیەتیک لێکدانەوەیەکی وردبینانە بۆ ئەم ئەسپێکتە ناوەکی و زۆرجار نەستییانەی تاوان و سزا دەرِەخسێنێت.

هەڵبژاردنی شیکاری هێرمێنۆیەتیک لێرەدا لە پێشینەی میتۆدەکانە، کە گەڕانێکی چڕ بۆ تیگەیشتن لە واتای کۆنتێکستەکان دەڕەخسێنێت. ئەمە بەتایبەتی دەگونجێت بۆ وێناکردنی ئاڵۆز و زۆرجار پارادۆکسەکانی تاوان و سزا لەلایەن ئەم نووسەرانەوە. میتۆدی بازنەی هێرمێنۆیەتیک، کە تێیدا تێگەیشتن لە گشت لەڕێگەی بەشەکانەوە هەروەها بەپێچەوانەشەوە دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەت دەدات بە دەرخستنی ئەو لێکەوتە و واتا فەلسەفی و دەروونییە قووڵانەی دەقەکانی نووسەران. ئەمەش بەکارهێنانی واتای هێماکان و سودوەرگرتن لە زانیارییە پێشینەکان لەخۆ دەگرێت.

بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەمە بەو مانایەیە دێت، کە سەرەتا بە وردی بەرهەمەکان دەخوێنمەوە و تەوەر و پاڵنەرە سەرەکییەکانیان دەستنیشان دەکەم. پاشان لێکدانەوە زانستییە جۆراوجۆرەکان بەراورد دەکەم و بە تێبینییەکانی خۆمەوە دەیانبەستمەوە. ئەم پرۆسەیە یارمەتیم دەدات بۆ بەدەستهێنانی دیدگای جیاواز لەسەر دەقەکان و تێگەیشتن لە فرەڕەهەندییەکەیان. هەروەها ئەسپێکتێکی دیکەی گرنگی میتۆدی هێرمێنۆیەتیک ڕەچاوکردنی کۆنتێکستی مێژوویی و کولتوورییە. بەوپێیە دەقەکان لەژێر ڕۆشنایی سەردەمی نووسینەوەیان تاوتوێ دەکەم، بۆیە دەتوانرێت مانا قووڵ و مەبەستە ئەگەرییەکانی نووسەران باشتر لێکبدرێنەوە.

## ٤.١. تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاری

یەکێک لە ڕێبازەکانی تێزی توێژینەوەکە بریتییە لە تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاری. بەرهەمەکانی فرانز کافکا و فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی لە ڕووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ تەوەری تاوان و سزا لەگەڵ یەکتردا بەراورد دەکرێن. زانستی ئەدەبی بەراوردکاری لە ڕوانگەی جۆراوجۆری کولتووری، مێژوویی، ئایینی و فەلسەفییەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە، بەمەبەستی دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی خاڵە لێکچوو و جیاوازییەکانی نێوانیان. لێرەدا بابەتەکە تەنها لەبارەی هاوتەرببییەکانی ناوەڕۆکەوە نییە، بەڵکو ئەسپێکتە شێوازی و پێکهاتەیی و ئایدیۆلۆژییەکانیش لەخۆ دەگرێت.

لەڕێگەی بەکارهێنانی تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاری دەتوانم بەرهەمەکان بە دابڕاو و جیا لەبەرچاو نەگرم، بەڵکو بەرهەمەکان لە کۆنسێپتێکی نێوان کولتووری و نێوان دەقدا شیکارییان بکەم. بەهۆی ئەمەوە دەتوانرێت ببینرێت، کە چۆن نەریتە ئەدەبییە جیاوازەکان کاردانەوەیان بەرانبەر بابەتە هاوشێوەکان هەیە و دەتوانێت چ واتایەک لە پشت چیرۆکە گێڕدراوەکانەوە خۆی پەنهان بکات. ئەم ڕێبازە نەک هەر ڕێگەم پێدەدات باشتر لە کافکا و دۆستۆیڤسکی تێبگەم، بەڵکو تیشک ئەخاتە سەر پرسی گشتگیر سەبارەت بە تاوان، بەرپرسیارێتی و بوونی مرۆڤ لە دیدی جیاوازی ئەدەبی و فەلسەفییەوە. تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاری لەم کارەدا هاوکاریم دەکات، بۆئەوەی بە دیدێکی ڕەخنەگرانە بیر لە لێکدانەوە بەردەستەکان بکەینەوە، بەمەبەستی داڕشتنی ڕێچکەی نوێ بۆ لێکدانەوەکان و لە کۆتاییدا لە گرنگی فەلسەفی و ئەدەبیی ئەم بابەتانە بکۆڵینەوە.

تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاری چوارچێوەیەکی میتۆدی دەخاتەڕوو، بۆئەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە گشتێتی خۆیاندا تێبگەین، بە تیشک خستنە سەر ڕەهەندەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆک و شێواز و ئایدیۆلۆژییەوە. ئەم میتۆدە ڕێگەدەدات بۆئەوەی دەقەکان لە کۆنتێکستێکی کولتووری، مێژوویی و فەلسەفیی جیاوازەوە بەیەکەوە ببەسرێنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و باردودۆی دروستبوون و شێوازە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوە و فۆرمی دەربڕینی تاکەکەسی، بەو شێوەیە دەردەکەوێت، چۆن نەریتە ئەدەبییە جیاوازەکان مامەڵە لەگەڵ بابەتە گشتگیرەکانی وەک تاوان، سزا و بەرپرسیارێتیدا دەکەن. لە هەمان کاتدا تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاری دەرفەت دەدات بە ناسینەوەی شێوازە تایبەتەکان و پێکهاتە جیاوازەکان، کە ئاماژەن بۆئەوەی چۆن هەر نووسەرێک پەیامەکەی لە کۆنتێکستێکی کولتووری و مێژوویی تایبەتدا دابڕێژێت.

سەرباری ئەوەش ڕێبازی بەراوردکاری دەرفەت دەڕەخسێنێت بە تێڕوانین لە کارلێکەکانی نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکان و ئەو گوتارانەی لە دەوروبەریدان. ئەم میتۆدە ئەوە دەردەخات، کە چۆن گەنگەشە و لێکدانەوەی بابەتە گشتگیرەکان- وەک تاوان و سزا- دەکرێت وەک ڕەنگدانەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لێی تێبگەین. بەو شێوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە دەقە ئەدەبییەکان بەدابڕاوی بوونیان نییە، بەڵکو بەشێکن لە دیالۆگێکی گەورەتر و فرەڕەهەندتر/نێوان زانستەکان، کە بەرکەوتنیان لەگەڵ پرسە فەلسەفی و سۆسیۆلۆگیەکانیشدا هەیە.

### ٥.١. پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە

پاش لێکۆڵینەوەیەکی وردی چەمکەکانی تاوان و سزا لە چوارچێوەی یاسایی، ئایینی، فەلسەفی و دەروونیدا بەدوایدا شیکارییەک دەکرێت بۆ ئەو بەرهەمانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە بەگوێرەی هەردوو نووسەرەکە دەخرێتەڕوو. چەمکەکانی تاوان و سزا ڕۆڵێکی سەرەکی لەم شیکارییەدا دەگێڕن. ئەو شیکاریانەی لەبەردەستدایە دەریدەخەن، کە دۆستۆیڤسکی بە پلەی یەکەم تاوان وەک سەرپێچییەکی ئاگاییانەی مۆراڵی و ئایینی دەچەمکینێت، کە ئازاری ناوەوە و ئەگەری تۆبە و پاکبوونەوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لەبەرامبەردا کافکا تاوان وەک تێوەگلانێکی بوونگەرایی ئاڵۆز، لێ تێنەگەشتوو، ئەبسورد و زۆرجار بێ هۆکار دەخاتەڕوو، کە سزاکەی بەهەڕەمەکی و نامرۆڤانە و بەبێ هیچ ئامانجێکی پاکبوونەوە دەردەکەوێت. سەرەنجام بەراوردکردنی ئەنجامەکان بەپێی لێکچوون و جیاوازییەکان ئەنجام ئەدرێن.

ئەم جیاوازییانە ڕەنگدانەوەی ئەو دژیەکییە قووڵە فەلسەفی و تیۆلۆژییانەن لە جیهانبینی هەریەکەیاندا، کە کاریگەرییان لەسەر تاک و کۆمەڵگا و میتافیزیکەوە هەیە. لەم شیکارییەدا پاشخانی ئایینی هەریەکێک لە نووسەرەکان گرنگی تایبەتی هەیە بۆ تێگەیشتن لە هەردووکیان و سەردەمەکانیان. ژینگەی کولتووری هەریەک لە دۆستۆیڤسکی و کافکا، ژیاننامەیان، کەسایەتییان و بارودۆخە مێژووییەکانیان دەرفەت بۆ وەڵامی  پرسیاری توێژینەوەکە دەڕەخسێنێت. جارێکیتر دەرەنجامێک ئەنجامەکان پێکەوە گرێدەداتەوە و پوخت دەکاتەوە.

ئەمە بەشی یەکەمی کتێبی دوو وێنا- Zwei Darstellungen کە نووسەر بەزمانی ئەڵمانی نووسیویەتی، کتێبی دوو وێنا لە شەش بەش و پێک دێت و سەد و چل لاپەڕەیە. لەلایەن دوو پرۆفیسۆری فاکەڵتیی فەلسەفەی زانکۆی کوێلن لە ئەڵمانیا هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، نووسەر لە داهاتوودا بەشەکانی تری کتێبەکە دەکاتە کوردی. کتێبی دوو وێنا بەشێوەی کیندڵ KDP بە ئۆنلاین و بەشێوەی کتێبی چاپکراو لە ئەمازۆن بڵابووەتەوە و بەردەستە، بۆ ئەوانەی زمانی ئەڵمانی دەزانن وخوازیارن ئەم کتێبەکە بخوێننەوە لێرە بەستەرەکان دادەنێین.

**بەستەری کتێبی دوو وێنا بە زمانی ئەڵمانی (چاپکراو)**

**بەستەری کتێبی دوو وێنا بە زمانی ئەڵمانی بە شێوەی کتێبی کیندڵ**

**بەشی دووەمی کتێبی دوو وێنا:**


٢. بنەما تیۆرییەکانی تاوان و سزا

١.٢. پێناسەکانی تاوان و سزا

٢.٢. ئەسپێکتە فەلسەفی و ئایینییەکانی تاوان و سزا

٣.٢. ئەسپێکتە دەروونی و یاساییەکانی تاوان و سزا

بە سوپاسەوە چاوەڕوانی بەشی دووەمی کتێبی دوو وێنا بن.



ISBN 9798277066393

Urheberrechtlich geschütztes Material